چیرۆک



ئەمجەد شاکەلی

# ئالۆش

گیزەی گوللە، بێدەنگی و کپی و ئارامی و مەنگیی شەوی دەشڵەقاند. راپەڕیم و یەکسەر پەلاماری تفەنگەکەم دا. دەی خودایە ئەوان بن و گەمارۆیان دابێن.. بەبێ سێودوو و یەکڕاست خۆم دەدەم بە دەستەوە... بۆ کێی بکەم!... لە پێناوی چیدا! چیم پێ دەڵێن! چ ناوێکم لێ دەنێن با بینێن... ئەوپەڕی بڵێن.. خوێڕی بوو و خۆی دا بە دەستەوە... ئێرە و ئەوێ، ئەمبەر و ئەوبەر بۆ من چ جیاوازییەکیان هەیە!.. بۆ خۆم بدەم بە کوشت.. کێ منەتم لێ دەزانێت.. سبەی بشکوژرێم، وەک



تڕی بنگۆم دەڕۆم.. کەلاکەکەم فڕێ دەدەنە دۆڵێکەوە و داڵ دەمخوات یا ئەگەر زۆر رێزم لێ بگرن دەمبەنەوە بۆ ماڵ و لەوێش دەبێتە قوڕپێوان و فەرتەنە... جا وەرە بەو شێوەیە بمرە، توخوا ئەوە کەرایەتی نییە مرۆڤ بۆ ئەمانە خۆی بە

کوشت بدا! خۆ هیچ نەبێ هەڵاتنەکە لەو دڵەڕاوکێ و خۆخواردنەوەیە رزگارم دەکات و بۆ خۆم درێژە بە ژیانی خۆم دەدەم.. من هەرگیز لاریم لەوە نییە، کە مردن بە دەست مرۆڤ نییە و بە دەست خودایە و نە شەرمی هەیە و نە پرس دەکات و کەنگێ هات دێت، بەڵام ئەمەی من دەیکەم مردنم بڕێک دوور دەخاتەوە و درێژە دەدا بە ژیانم، هەر هیچ نەبێ تارمایی مردن بۆ تاوێکیش بێت دەرەتێنم.. لەو بڕوایەدام عەدنانیش وەک من دەکات، ئەگەر لەسەر بەڵێنەکەی خۆی مابێت... ئەو تۆزێک حولحولییە.. لەمێژ بوو باسی ئەوەمان کردبوو... ئەو دەیگوت ئەمە بیرێکی شێتانەیە، ئەمە گەوجییە، لەم بیرانە وازبێنە و هەموو ماوەیەکی کەممان ماوە و ئیدی بەرەڵا دەبین... تۆ دەگەڕێیتەوە سەر کارەکەت و لە پشتی مێزەکەتەوە دادەنیشیت و سەرگەرمی فۆرم پڕکردنەوە و کاغەزەکانت دەبیت و بە فشە و گاڵتە رۆژەکانت دەبەیتە سەر و شەوانیش لە ماڵەوە و خەوێکی قووڵ و خۆشی ئامێزیکی گەرم و خەونێکی پەمەیی پڕ لە هیوا و بۆنی شەوبۆ، یا چارەکە عەرەقەکەی بۆ فڕ دەکەیت و سەری خۆت دەکەیت بە ژێری لەشتەوە و دەرگا لە سەر هەموو رووداو و رابوردوو و داهاتوو و جووڵە و دەنگ و ورتە و بیرکردنەوە و کێشەکان دادەخەیت... چیت نەکراوە، دنیا بە گونت... منیش دارتاشییەکەی خۆم دەکەم... بە خودای شا بە سەپان دەزانم... ئەوجا وەرە سەرم لێ بدە و وێکڕا دەچینە گەڕان و خۆشی دەگوزەرێنین و ئەم رۆژانەش هەموو دەبنە یادگاری و لەسەر مێزی خواردنەوە دادەنیشین و بە لاقرتێ و چەقەنە و گاڵتەوە باسیان دەکەین.

لە سەربانی رەبییەکە، کە ناوم نابوو "کونە سەگ" و ئەگەر تۆزێک بە رێزەوە باسم بکردایە دەمکردە "کونەگورگ"، خۆم هەڵدایە خوارێ و هەرکەسەو لە ئاستی خۆی و بە هەر چوار لادا دەستی بە تەقەکردن کرد، هەموو ئەوانی دیکەش دابەزیبوون و لە دەوری عادیل خڕبووبوونەوە. عادیلیش لە سەر گازەرەی پشت پاڵکەوتبوو... هاواری دەکرد... دەیبۆڕاند و دەستی بە لاقییەوە گرتبوو، خوێن لە لاقیڕا فیچقەی دەکرد و بە سەر زەوییەکەدا دەچۆڕا و قەتیس دەما.

عەریف یاسین و ئەبو بوشرا، شڵەژابوون و بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون و فەرمانیان دەردەکرد بۆ کوڕەکان، کە چی بکەن و چی نەکەن. یاسین، بە رۆژدا هەر کە کاری نەبووایە، لە سەر تەختەکەی پاڵ دەکەوت و سمێڵە زەردە سووربااوو درێژەکەی، کە بەرەو سەرگۆنا و بەرەو لای گوێی درێژبووبووەوە، بادەدا و بە مووکێشێک راوە زێدەمووی دەمووچاوی دەکرد. ئەو هێندە خجڵی سەروسەکوتی خۆی بوو، هێندە بە کارەکەیەوە

خەریک نەبوو، وا خۆی دەڕازاندەوە، هەر دەتگوت ها ئێستا ها کەمێکی تر بووکی بۆ دادەبەزێن. خۆی و ئەبو بوشرا هەریەکە و هەنبانەی فشە و درۆی دەکردەوە و هەڵیاندەڕشت.. کێ دەیوێرا بڵێ کوڕە بەخودای وانییە و ئێوە راست ناکەن. هەریەکێک لەوانە بۆ خۆی عفریتێک بوو.

حەسەن بێتەلەکەی کردبووەوە و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: "سەربازی ژمارە ٣٧٢٨١، عادیل جاسم موحەمەد، چەند گوللەیەک بەر لاقی چەپی کەوتوو و خوێنێکی زۆری لێ دەڕوات... چاوەڕوانی ئەمبۆلانس دەبین و لە هەموو شتێکی نوێ ئاگادارتان دەکەینەوە".

مەنسوور لە لای سەری عادیلەوە دانیشتبوو و دەیلاواندەوە.

حامید، جامانەیەکی بە لاقی عادیلەوە پێچابوو و خێرا خێرا خوێنەکەی دەسڕی. هەرکەسە و لە دڵی خۆیدا رابوردووی خۆی دەهێنایەوە یاد و کاوێژی دەکردەوە...

کوڕە قەت لەوە هاسانتر نییە... ئەوەتا بەرانبەرمانە و یەک سەعاتە رێگە نابێت... سبەینێ زوو لەگەڵ شیرەی مەلاژندا هەڵدەستین، خۆمان ساز دەکەین، فیشەک و تفەنگەکانمان هەڵدەگرین، دەرپێ و فانیلە سپییەکانمان بە لوولەی تفەنگەکانمانەوە دەبەستین و راست شۆڕ دەبینەوە و روو دەکەینە ئەوێ... ئەوانیش کە لە دووڕا دەمانبینن دەزانن ئاڵای سپیمان هەڵکردووە... واتە: خۆ بەدەستەوە دەدەین، ئەمەیان بێ قرەوبڕە، ئەگەریش حەزت لە بەزم و گۆڵمەز و هەرایە، ئەوا تۆ دیکتاریۆفت هەیە و چەند نارنجۆکێکیش هەڵدەگرین... لە کاتێکدا، کە هەموو لە شیرینی خەودان، دوو نارنجۆک دەتەقێنینەوە و فڕێیان دەدەینە نێوەندیانەوە و تۆش بە دیکتاریۆفەکەت دەرکەی رەبییەکە دەگریت و تاقیان لێ دەبڕی و ئەوانەیشیان، کە لە سەربانێ دەنوون، کەمن، لێیانگەڕێ بۆ من، ئیدی چی دەمێنێتەوە، تەنێ هێسترەکە... ئەودەم ئێمە دەستمان بە سەر ئەودا دەڕوا... بەرەڵڵای دەکەین و گەردنی سەد جار ئازاد دەکەین و ئازادی دەدەینێ و با بۆ خۆی بۆ هەرکوێیەک دەڕوا بڕوا... خۆ ئەو هەرگیز پێویستی بە پاسپۆرت و مۆڵەتی پەڕینەوەی سنوور و ئەو بەزمانە نییە... خۆزگە ئێمەش هێستر دەبووین... سەگ دەبووین یا هەر ئاژەڵێکی دیکە دەبووین بۆ ئەوەی بمانتوانیبا سنوور ببەزێنین و کەس داوای هیچمان لێ نەکات... ئێستاش سنوورمان پێ دەبەزێنرێ، بەڵام تۆی، قایل نابیت و منیش بە تەنیا پێم ئاسان نییە... وا چاکە دوای ئەنجامدانی ئەو نەخشەیە، چاوەڕوانی هێسترەکە بکەین بزانین چ هەنگاوێک دەنێ، جا کە هێستره سوور ئۆغری کرد و ڕۆیشت... خۆیشمان ڕوودەکەینە ئەودیو.

عــەدنان، ملـی نەدەدا و هـەر خــەونـی بە ژیان و شــارەکــەیەوە دەبینـی و هـەر بیــری بۆ دارتاشخانەکە و ژووری بنەوەی دارتاشخانەکە دەچوو.

سەدان پرسیار لە روومەتی کورەکاندا دەخوێنرایەوە، کەی نۆرەی ئێمەش دێ؟ بۆ؟ چۆن گەیشتنە ئێرە و چییان بەسەر هات؟ دەبێ ئەم عادیلە خێرلەخۆنەدیوە چی بەسەر بێ؟

چی بەسەر دێ، ئەوپەڕی ئەگەر لاقی تیمار نەکرێت و زۆر خەتەر بێت، رەنگە بیبڕنەوە... جا چ قەیدی هەیە... خۆ مرۆڤ بە تاقە لاقێک نامرێت... کورە مردنی چی، من ئێستاش عومەرم لە بیرە بە یەک لاق و دارشەقێکەوە رێی لە رێبوار بڕیبوو، نەک هەر ئەوە، ئەو دەیەویست سەرمایەداری برووخێنێت و دەرەبەگ و بۆرژوازی هەموو جیهانیش قەلەپاچە بکات. ئەم ئەوەی نەگەرەکە، بەڵام هەر هیچ نەبێ، بۆ خۆی لەم سەگمەرگییە رزگاری دەبێ، کێ دەڵێ رزگاری دەبێ، رەنگە لەم کونەسەگە نا لە کونەسەگێکی تر دایبنێن و پیازی پێ پاک بکەن، بەڵێ پیاز، پیاز زۆر پێویستە، چونکە جموجووڵی خوێن زیاد دەکات و هێز دەداتە لەش... زۆر باشە، کە هێز بداتە لەش، وزە و گورجوگۆڵیی مرۆڤ زیاد دەکات، ئەودەمی ئارەزووی سێکسیش لای مرۆڤ زیاد دەکات و پیاو دەبێتە نێرەکەرە سەڵتەنەی مەترەقی و وانێکەکەی رەپ دەبێ و دەیدات بە شاندا، جا لەبەرئەوەی پیاز وەها کارێک دەکات، نانەکە کافووری تێدەکرێ و رەپ سیس دەبێتەوە و وانێک مل شۆڕدەکاتەوە و پیاو دەبێتە ماکەری ئابلاخ و لە باشترین حاڵیشدا ماکەری حەڵەب. عادیل پیاز پاک بکات یا نەکات شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ!

عادیل هەر هاواری دەکرد و باوکەڕۆ و دایکەڕۆی بوو... فرمێسک وەک بارانی بەهار بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ. جا بۆ دەڵێن پیاو نابێ بگری! ئەوە نییە ئەمە پیاوە و دەشگری! تۆ بڵێی گریان تەنێ بۆ ژن بێت! وا دەڵێن، بەڵام خۆ ئەگەر وابێ دەبێ منداڵی نێرینە هەر لە منداڵیرا فرمێسک لە چاوی نەیەتە خوارێ و نەگری، درۆیە و هیچ بنەمایەکی نییە، من بۆ خۆم هەزاران جار گریاوم، سەدانیشم بینیوە کۆڵێک گەورە بوون و هەر زۆر بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز گریاون.

بەو شەوە ئەو دەشتە مەنگە درایە بەر دەستڕێژ و شریخە و قرمەی گوللە دەگەیشتە بالاترین نهۆمەکانی ئاسمان و فەلەک. هەموو هەر هەموو چاوەڕوانی تەقەی ئەوان بووین، بەڵام هیچ نەبوو و هەر بۆ دڵخۆشیش یەک تەقە بە رووماندا نەکرا. هەموو رەنگ بزرکاو، پەشۆکاو، شڵەژاو. ئاخ بابە گیان، وای دایە گیانی عادیلیش هەر دەهاتە بەرگوێ و کەم نەدەبووەوە.

دەنگی مڵچەی دەم و زمان دەهات. هەرسێ بێچووە پشیلەکان، کە عەباس کاتی خۆی هێنابوونی بۆ ئەوەی وەک هاودەم و ئاوەدانییەک لە کونەسەگەکەدا بژین و بۆ ئەوەی کونەسەگەکە لە ماڵ و جێژیانی مرۆڤ بچێت، بە خشکەیی خۆیان گەیاندبووە لاقە خوێناوییەکەی عادیل و لێی گردبووبوونەوە و جوان جوان بۆیان دەلستەوە و خوێن بە لالێو و کاجێڕەیاندا دەهاتە خوارێ. هەموو سەر و چاویان لە خوێن هەڵسووبوو، زۆر بە تام و چێژەوە زمانیان بەملاو بەولای دەمیاندا بادەدا، خودا نەکا دەنگێک و میاوێکیان لێوە بێت، مڕ بووبوون، هەر دەتگوت جێژن و ئاهەنگە و هەرسێکەیان بانگکراون و خوانی خوێنیان بۆ رازێنراوەتەوە.

موحسین بە دەستی راستی ملی یەکێکیانی گرت و بە دەستی چەپی ملی یەکێکی دیکەیانی گرت و تا هێزی تێدا بوو بەرەو خوار هاوێشتنیە دۆڵەکەوە و گەڕایەوە سەر ئەوەی سێیەمیان و بە دەستی راستی ملی گرت و بەرزی کردەوە و وەک لە سێدارەی بدا، لەگەڵ تووڕدانیدا بۆ خوارەوە گوتی: "هێشتاکە زیندووین ئاوها دەمانخۆن و خوێنمان دەمژن، دەی کە مردین دەبێ چۆنمان تێ بەربن، وا پێش ئەوەی ئێوە تێمانبەربن، من لە سێدارەتان دەدەم و ئاوهاتان لێ دەکەم".

وەک ئەوەی موحسین دەستی لە گەرووی من گیر کردبێ، خەریک بوو بتاسێم. عەباسیش دوو فرمێسک بە هەردوو چاویدا هاتنە خوارێ، هەموو سەرسام و مات و کڕ و بێدەنگ، دەمانڕوانییە موحسین. لە راستیدا ئەوان، بێچووە پشیلەکان، نۆرەی پەرستارێکیان دەدی، بەڵام ئێمە لێیان تێ نەدەگەیشتین و بەهای کارەکەیانمان نەدەزانی.

ئەمبۆلانسەکە لە خوارێی شاخەکەوە چاوەڕوان بوو، ئەملاو و ئەولای عادیل ماچ کرا و گەردن ئازادی و خوداحافیزی لێ کرا و یەکەم هەنگاو و یەکەم ساتی لێکدابڕان دەستی پێ کرد. یەکێک گوتی: "بۆ خۆی رزگاری بوو! خۆزگەم بە خۆی".

دەمم بە پەناگوێی عەدنانەوە نا و بە چپە پێم گوت: "دەی ئێمە کەی خۆمان رزگار بکەین و بچینە ئەوبەر؟ وا چاکە تا دەرپێ و فانیلەکانمان رەنگیان سپییە و بۆر و قاوەیی هەڵنەگەڕاون، برۆین، ئەگەر نا ئەوجا بێچووە پشیلەکان، کە ئەودەم گەورەتریشن، دێنەوە بۆ ئێمەش".

عەدنان سەرێکی بادا و گوتی: "هەناء چۆن بە جێ دەهێڵم، چۆن دڵم دێت بەجێی بهێڵم، هەموو شت بە قوربانی دەست لە ملانێیەکی هەنائی نیوەڕوانێکی گەرمی ژووری بنەوەی دارتاشخانەکەم دەکەم".

داری دێوان/ تەمموزی ١٩٨٠